# کتێبی ڕۆژی گەل

# بیرەوەریەکانم



هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل** بە خۆشحاڵیەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی ڕێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیرەوەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

بیرەروەریەکان لە شێوەی کتێب تایپ کراوە، بەڵام هیچ دامەزراوەیەک ئەرکی چاپکردنی لەئەستۆ نەگرتووە، هەڵبەت هۆکاری سیاسی لە پشت چاپ نەکردنی دا هەیە.

فەرموون با بەیەکەوە بیرەوەریەکان بخوێنینەوەو لێی سوودمەند بین

## بەشی یەکەم

### سەرەتای ژیانم لە گوندی ماویلیان دەست پێدەکات:

گوندی ماویلیان لە ڕۆژئاوای گوندی دەرگەڵە لە دیوی (دۆڵەمنجەل) هەڵکەوتووە، لە بناری (زیی تەلانی) ڕوو لە کێوی هەندرێنە، لە ڕۆژهەڵاتی کێوی (ڕووەڵە)یە، لە ڕۆژئاوای گوندەکانی (میراجیان، چنێراوە، خەڵکان، دەشتی رواندز)ە، ئەو شوێنەی شارۆچکەی سۆرانی لە سەر دروست کراوە .

دۆڵە منجەل چەند گوندی بە خۆیەوە گرتووە(ماویلیان، بەرسرین، پیروسوان، زێوە، میراجیان، جنێراوە، خەلکان، وارەکۆن، کەورین و گوان).

گوندی ماویلیان خاوەن مێژووە، مرۆڤی بەدەستو بردو ئازای تێدا هەڵکەوتوە، گوندی وەستا (برایم)ە، ئەو وەستایەی بنیات نەری قەڵاو پردەکانی سەردەمی پادشای گەورەی رواندزە .

بەزار گۆتەی بەساڵاچووەکان وا دیارە لە پێش ساڵەکانی (١٩٢٠) ناکۆکی توندو نارێک لە ناو خەڵکی گوندی ماویلیان دا هەبووە، ئەو ناکۆکیە ناچاری کردوون کۆمەڵێک لە پیاوە ریش سپیەکان برۆنە دەرگەڵەو داوا لە(میرحمدامین) بکەن بەڵکو بۆ چارەسەری ئەوناکۆکیانەی هەبوونە یارمەتیان بدات. دیارە میر ئامۆزایەکی خۆی دیار یکردوە بروات تاسەرپەرشتی گوندەکە بکات ، بۆ چارەسەری ئەوناکۆکیانەی لەنێوانیان دا هەبووە، وەک زاندراوە (میر حمدامین بەگ) لەسەر داوای ریش سپیەکانی ماویلی (سلێمان بەگ)ی ئامۆزای خۆی دەست نیشان کردوە تا بچێ سەرپەرشتی گوندەکە بکات. دەڵێن سلێمان بەگ لاوێکی بە راپەرو لێهاتوو بووەو رەوانەی ماویلیان کراوە. ناوبراو چالاکانە بۆ کارەکانی رۆیشتوە هەر زوو لە داوێنی گونددا بۆ نیشتەجێبوون کۆشکێکی دروست کردوە . ئەوەی دیارە بە ماوەیەکی کورت توانیوەیەتی دەست بەسەر کەم وکوریەکان دابەگرێت، ناکۆکی و ناتەباییەکان نەهێڵێ، لە دوای ئارام گرتن و چەسپاندنی دەسەڵات دیارە (سلێمان بەگ)یش وەک پیشەی ئاغایەکان چەند ژنێکی هێناوە، پێش دایکم ژنێکی تری هێناوە، بەڵام زۆر لای نەبوە وبەری داوە. دووەمیان دایکم بووە بەزارگۆتەی دایکم چەند ساڵ منداڵی نەبووە نۆبەرەی منداڵی من بویمە، بەڵام وەک دیارە هەر لەسەرەتای ژیانم بەشم بێبەشی بووە، لەگەڵ پەیدابوونم دایکم بە نەخۆشی گرانەتا کەوتوەو لە شیری مەمکی دایک بێبەش بوویمە، بەڵام ئەو زانیاریانەی دەستم کەوتوون، دیارە باوکم پێش پەیدابونی من ژنێکی بەتەمەنی لەخۆی گەورەتری بەناوی (هەمین) هێناوە، بێگومان دایکم سێ مانگ بەو نەخۆشیە کەوتوە، ئاگای لە من نەمابووە، دیارە (هەمین)ی زڕ دایک منی گرتۆتە باوەشی، بەشیری ئاژەڵ بەخێوی کردوم، هەتا ئەو کاتەی دایکم هەستاوەتەوە. دەڵێن: باوکت لە سەرەتای پەیدابوونم منی خۆش ویستوە، کەچی من ئەو خۆشەویستیەم نەبینووە. بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە نیشاندەدەن، بەدیارە کەوتوە لە ساڵی(١٩٢٧) لە گوندی ماویلیان لە دایک بووم . لەکاتی نەخۆشی دایکم، دیارە شیری مەمکی کۆمەڵێک ئافرەتی ئەو گوندەم خواردوە، لەوانە(ئاجەر) ژنی (حەسەنی عەباسی)، (رابیەسۆر ژنی سالحی حەمەدئەمین)و چەندی تریش. بێگومان من بەشیری مەمکی دایکی منداڵانی ماویلی گەورە بوویمەو لە مردن رزگارم بووە، تا تەمەنم بۆتە دوازدە ساڵ لەو گوندە ژیاوم .

دێتەوە یادم سەردەمی منداڵیم لە گوندی ماویلیان بە زۆری لەگەڵ منداڵەکانی (قادرئاغا، خدرو رەشید) بەسەر دەبردو بەدرێژایی ڕۆژ بەیەکەوە دەگەڕاین، تاوێک لێیان دوور نەدەکەوتمەوە، ئەگەر چی زوو زوویش بەگژ یەکدا دەچوین، بەڵام هەر ئەو دەمەش پێک دەهاتینەوە، جیا لەوان ئەوەی زۆر لێم نزیک بوو(ئیسماعیل مامە شێخی حاجی )بوو، ناوبراو دراوسێمان بوو دەرگای ماڵیان رووبەرووی دەرگەی دیوانخانەمان بوو، هەمیشە لە ماڵی ئەوان دەبووم، دایکی(ئیسماعیل) پورە(حەلیم) وەک کوڕی خۆی سەیری منیشی دەکرد، زۆر شەوان لە ماڵیان دەمامەوە، دەیان زانی لەوێم .

دێتەوە یادم ناوە ناوە دەیان بردمە لای (سلێمان ئاغا)، ناوبراو بە(گویزان) سەری دەتراشیم، بەڵام چی! هەتا سەری دەتراشیم ئەوەندەم ئەزیەت دەدیت باسی ناکرێت، کاتێک دایان نامە بەر خوێندن لای فەقییەکان، ئەو کاتەش خاڵم (مەلا خدر) لە ماویلیان دەیخوێند زۆری نەمابوو خوێندن تەواو بکات، هەر ئەویش دەست نووسێکی بۆ نووسیبوومەوە، هەموو بەیانیان دەڕۆیشتمە مزگەوت لای فەقێیەکان، ئەوەی زۆر گران بوو لە پێش هاتوو چۆم، ئەوە بوو زۆر لە سەر تراشین دەترسام وەک لە سەرەوە نوسراوە هەر جارەی سەری دەتراشیم ئەوەندەی ئەزیەت دەدام هەتا لەبەر دەستی نەجاتم دەبوو هەر ئەوەندە بوو گیانم دەر نەدەچوو، دەبوایە بەیانی کە دەچووم بۆ مزگەوت بە بەر دەرگای ماڵی (سلێمان ئاغا)دا بڕۆم هەر کاتێ دەگەیشتمە راستی ماڵیان سەرم هەڵنەدەبڕی، وامدەزانی ئەگەر(سلییمان ئاغا) بمبینێ بانگم دەکات و دەڵێ: وەرە باسەرت بتراشم .!

دایکم گوتی: (تۆ تەمەنت دوو ساڵ بوو باوکت ژنێکی تری هێنا، منداڵ بوو لە دوای ساڵێک ژنە تازەکەی منداڵی بوو کوری ئەو ژنە بووە تانجی سەری باوکت، هەر لەوکاتەوە رووی بەزەیی نەماو بەچاوی روحم سەیری ئێمەی نەکردوە.

لە دوای دوو ساڵ خوێندن لە خوێندن بێبەش کرام، لەگەڵ کوڕی شوان بەڕێکرام، کارو بەرخ و پەلەورم دەلەوەڕاند، لە جیاتی خوێندن، ئەوەی زۆرم پێخۆش بوو لە لەوەڕاندنی کارو بەرخ ئەوەبوو لەوکاتەی کارو بەرخ تێک بەردەدران دیمەنێکی زۆر جوان دەکەوتە بەرچاوم، کارو بەرخەکان بۆ گەیشتنیان بە دایکەکانیان بە باعە باع بازیان دەهاویشت ، هەر بەو شێوەیەش مەڕو بزن بە بارەبار بە پیر بێچوەکانیانەوە دەچوون. دەنگی کارو بەرخ و بزنو مەڕ تێکەڵ دەبوو، وەک ئاوازی مۆسقایەکی دڵگیر لە گوێی مرۆڤ دەزرینگایەوە، لەو کاتەی بەیەک دەگەن دیمەنیکی ئەوەندە جوانە هەر ئارەزوو دەکەی سەیری بکەیت، لەو کاتەی کە تیکەلاوی یەک دەبن هەر بیچوەیەک بە دوای دایکی دەگەری، دایکیشی بە دوای بیچوەکەیدا دەگەری، وێنەیەک دەکەوێتە بەرچاو بە تایبەتی لە دوای بەیەک گەیشتنی کارو بەرخەکان بە دایکەکانیان و شیر خواردنیان، لە دەوروبەری دایکەکانیان هەڵ دەپەڕن ، وەک سەمایەکی ئارەزوومەند دەکەوێتە بەرچاو، رەوشتی هەرە نایاب ئەوەیە لەکاتی هاوێرکردنی کارو بەرخ ئەوەندە ئاسان لێک جیا دەبنەوە، مەر و بزن بەلایەکداو کارو بەرخ بەلایەکی تردا، دیدارێکی تر هەیە دەبێ بخرێتە بەرچاو، ئەویش (بێریە) لە کاتێکدا مێگەلی مەڕو بزن ریز دەبن، بێری بۆ دۆشینی لە سەر بەردێک دادەنیشێ و دوو ئافرەتیش لەملاو ئەولادا دادەنیشن، ئەوەی لە سەر بەردەکە دادەنیشێ بزن و مەڕە بە شیرەکان دەگرێ تا ئافرەتەکانیش دەیان دۆشن، بەو ئافرەتانە دەڵێن (بێری) لە کۆتاییدا بێریەکان تیلەکەو شیر مەشک بە کۆڵیاندا دەدەن و دەگەڕێنەوە، وەک دەزاندرێ لە کوردستان زۆر گۆرانی و بەندو هەڵبەست لە سەر بێری و شوان گۆتراووە .

### ژیانی دانیشتوانی گوندی ماویلیان

ئەوەی دیارەو زانراوە لە دوای یەکەمین شەری جیهان کۆمەڵگە بە تێکرایی تووشی ژیانی سەخت هاتووە، لە ئەنجامی ماڵ وێرانی و خەراپ کاریو برسیەتی و گرانیدا، لە ئەنجامی وێرانکاریو شەرەوە بەشێکی زۆری گوندەکانی دەوروبەری(رواندز)و رواندزیش سوتێنراون، خەڵک لە ترسی سوپای (رووس)دەربەدەر بوون، ئاوارەی چۆڵ و چیا بوون، گوندی ماویلیانیش یەکێک بووە لەگوندە سوتاوەکان، لەکاتێکا گەڕاونەتەوە هەریەکەی کاولە خانوەکەی چاک کردۆتەوەو هەنوانێکی پێکەوە ناوەتەوە .

لە بەر نەبوونی بەرووبووم و بێدەرامەتیدا ئەو خەڵکە توشی برسیەتی و دەردەسەری بوونەتەوە، خەڵکێکی زۆریش مردووە، هەر لە سەردەمی (تورکەکان)دا خەڵک پەریشان بووەو دەسەلاتە تازەکەی عیراقیش بۆتە باریکی گرانترو برسیەتی زیاتری بەسەریاندا سەپاندوە، لەوکاتەی باوکم بووە بەسەرکاری گوندی ماویلیان دانیشتوانی گوندەکە لەوانەیە ژمارەیان گەیشتبێتە سی ماڵ و زیاتر، وەک دیارە کارو پیشەی گوندیەکان کشتوکاڵە، گوندی ماویلیانێس بەرووبووم و داهاتی زۆرکەم بووە، لە بەرئەوەی زەوی و زاری داچاندنیان زۆر کەمە بە شێوەیەکی تایبەت زەوی و زاری بەراویان هەر نییە، زەوی دێمیش ئەوەندە نییە بەشی ژیانی دانیشتوانەکەی بکات بەڵکو بەشێکی زۆری دانیشتوان زەویان نەبووە، ئەوانەی هەشیان بووە هەر ماڵە یەک دوو پارچە زەویان هەبووە، ئەویش کێڵگە نەبووە، بەڵام بەناچاری کاریان تێدا کردوە. بەکورتی دەتوانین بڵێین ئەوکاتە لەو گوندە چەند ماڵێک خاوەن گاو جۆت بوون، لە راستیدا پلەی گوزەرانی ژیان لەو پەری نزمیدا بووە.!

داهات و بەرووبوومی خەڵکی ئەوگوندە کە پشتیان پێ بە ستووە، سێ شت بووە ( ١: دەرامەتی دانەوێڵەیی کە دەچاندرا وەک گەنم و جۆو نیسک و نۆک). (٢: بەرووبوومی رەزەکان ترێ و مێووژو دۆشاو. (٣: بەرووبوومی ئاژەڵی) ئەوانەی خاوەن مێگەلی بزن و مەڕ بوون، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین ئەو داهاتەی دەستیان دەکەوت زۆرکەم بووە بەشی نەکردوون، بەڵکوو بەژیانی دەردەسەری پێی دەژیان، بەشی زۆری پیاوەکانیان لە وەرزی هاویندا بۆ سەپانی و دروێنە دەرۆیشتنە دەرەوە، بەڵکوو هەندێ دانەوێڵە پەیدا بکەن. گوزەرانی خەڵکی ئەو گوندە بەشێوەیەکی گشتی نەمرو نەژین بوو، تەنیا ئەوانەی جۆت وگایان هەبوو کەمێک چاکتر بوون، خۆ ئەوانەی جۆت و کێڵگەیان نەبوو لەو پەری کەسادی و پەرپووتی دا بوون، تەنیا ئەوەی جێگەی خۆش حاڵی بوو، ئەوەبوو خاوەن جۆتەکان لە گوند بەپێی توانا یارمەتی دەری ئەوانە بوون کە بێ دەسەلات بوون، ئەوەی دێتەوە یادم و بەبیرمە باری ژیانی خەڵکی گوندەکە کەتێیدا دەژیا زۆر بەنزمی دەکەوتە بەرچاو، ئەگەرچی منداڵیش بووم هەرکاتە ئەو سەردەمم دێتەوە یاد زۆر بە پەرۆشی دەزانم، لەبەرئەوەی خەڵک زۆر بە کەسادی دەژیا، دەمبینی و بە بیرمە، ژیانی ئەو خەڵکە چۆن بوو، ئەوەی نانی هەبوایە رازی بوو، باسی خۆراک و پێخۆری تر نەکات، مەرجی بنەرەتی تەنها پەیداکردنی نان بوو، ئەو خۆراکەی کە هەش بوو ئەوە بوو کەلە گەنم و دانەوێڵە دروست دەکرا، وەک ساوارو برۆش و گەنمەکوتاوو هی تریش، ئەوان و هەندێ لە دانەوێڵەکانی تریش نۆک و نیسک و ماش، ئەمانە خۆراکی گشتی بوون ئەوەش لە توانای هەموو خێزانێک دا نەبوو هەمووکەس ئەوەی دەست نەدەکەوت، خۆ باسی شەکرو برنج و چا زۆر شاز بوو، پێخۆر بەهارو هاوین ئەگەر نان و دۆ دەست کەوتبا زۆر شوکر بووین لە وەرزی پایزان ئەوەی دۆشاوی هەبوایە پێخۆرێکی دروست بوو، ئەویش ئەوەی هەیبوایە زۆربەیان ئەوەشیان دەست نەدەکەوت نانء ئاو خۆراکی بوو، لەگەڵ ئەو نەبوونیء بەو دەست کورتیەش هەست دەکرا خەڵک لەگەڵ یەکتر تەباو هاوکاربوون، یارمەتی یەکتریان دەداو لەلایەن ئەوانەی بە توانابوون چاودێری بێ دەسەلاتەکان دەکرا. هەندێ هۆکار وەک رەوشت لە گوندەکان هەن یارمەتی دەری کۆمەڵن، ئەو گوندانەی نێزیک چیایەکانن لە سەرەتای بەهاران بۆ کۆکردنەوەی (کەوش)یانی ئەوگیایانەی کە دەخورێن روو لە چیا دەکەن ، ئەو گیایانەی کۆدەکەنەوە هەندێک بەخاوی دەخورێن، هەندێکیش بەکوڵاوی. ئەو گیایانە ماوەیەک سوودیان لێ دەبینرێ، گوندی ماویلیانیش یەکێە لەو گوندانەی کە بۆ کۆکردنەوەی کەوش روویان دەکردە چیای هەندرین، بۆ (کاردی، کەنگر، رێواس، کوارگ، سلێرک) و هی تریش، لە وەرزی پایزان بەزۆری ئافرەت بۆ کۆکردنەوەی (گێووژو بەروو و قەزوان) روو دەکەنە چیا، سەردەمی رابردوو (مازو)ش کۆدەکرایەوە بۆ فرۆشتن ئەویش کەلێنێکی پردەکردەوە .

ئەوەی بێدادی بوو ئەوەبوو چەند پلەی ژیان نزم بوو لە رووی خۆراک ئەوەندەش کەسادی بوو لە رووی جل و بەرگو پیسی و پەلۆسیەوە، خۆ باسی خانووبەرە ناکرێ، خەڵک رووت بوون، بەرگی ئافرەت بەزۆری خامی شین بوو دەکرایە کراس، کاتێک دەیکردە بەری رەنگی دەدایەوە سەر لەشی، ئەویش بە دەست هەموو کەس نەدەکەوت، پیاوەکانیش ئەوەی ساڵی جارێک بیتوانی بوایە ڕانک وء چۆغەلێک دەست بخات، ئەویش بەشی زۆر یان بە پینوپەڕۆک دەبوون. ئیتر ژیان ئەوها بوو منداڵ گەورە دەبوون، بەشی زۆری لەشیان بەدەرەوە دیار بوو، بەرگی نوێ زۆر کەم دەبینرا. دەربارەی خانو و ناوماڵ ئەوەندەی دەڵێیت نارێک و پەرپووت بوو، وەک باس دەکرا لە دوای شەڕ خەڵک لە ناوکەلاوەی خانوەکان هەریەکەی بەپێی توانا هەوانێکیان دروست کردبوو، واش دیاربوو بەشی زۆری خانووەکانی گوند لەسەر کۆڵەگ راوەستاو بوو، لەناوەوە بەپێی پێویست ناوبریان لێ کردبوو، بە جیا بۆ دانیشتنی خۆیان و ئاژەڵەکانیان و کاووگیاوکەلو پەلەکانیان، ئەو شوێنەی خۆیان لێی دادەنیشتن لە ناوەندی دا ئاگردانێک چاک دەکرا، بە دار ئاگری تێهەڵ دەکرا، ئەو ئاگردانە چێشتی لەسەر لێ دەندرا، لە کاتی سەرماش دەوریان دەدا لە جیاتی سۆبە هەر ئاگرەکە چرای ناو ماڵیش بوو، شەوانی سەرما کوورە دارێکی ئەستوریان دەخستە سەر ئاگردانەکە لە دەوری دەنوستن ئەو هەموو دووکەڵەی بە ماڵدا بڵاو دەبووەوە، لە بەری خانوو دەبوو بە لوولەک، سەیری بەری خانوەکانت دەکرد لە جیاتی سپی بێت یەک پارچە رەش دەبوو، کاتێک سەیری بەری خانووت دەکرد لە زۆر شوێن لوولەکی تۆزی دوکەڵ پێدا شۆر ببوەوە، زۆر جار لوولەکەی باس کراو دەکەوتنە خوارەوە، لەو شوێنەی لێی دەکەوت واتدەزانی قومبەلەی لێ تەقیوە یان شتێک لە شوێنەکە سوتێنراوە! ئەگەر میوانیش هەبوایە لە دەوری ئاگرەکە دادەنیشتن، لە دەوری ئاگردانەکەش دەخەوت لەگەڵ ژن و منداڵی خانەخوێ. ئەوکات پزیشک ناوی هەر نەبوو، لەگوند تاکە پیرەژنێک هەبوو پورە (فات)، ئەو پوورە فاتە پزیشکی گوندەکە بوو ناوبراو بوخچەیەکی پڕ لە گژ و پرتکی هەبوو لە گیای رێک خستبوون ، خەڵک پەنایان بۆ دەبرد بۆ تیمارکردن، پوورە (فات)یش بەپێی توانا هەوڵی بۆ دەدان، ئەوەی تر خەڵک پشتی بەچاک و پیرو دووعاو رەحمەت دەبەست!!

نەخۆشیەکان بەشی زۆر لە پیسی و پەلۆسیەوە دەبوو، بەڵای هەرە گەورە لە دوو شتەوە دەهات : جل و بەرگ زۆر کەم بوو سابوونیش دەست نەدەکەوت . زیندەوەر لەو پیس و پەلۆسیەوە پەیدا دەبوو، دەتوانم بڵێم خۆشوشتن بەدەگمەن بوو، ئافرەتەکان لەسەرکانی ئاویان دەکوڵاندو زیندەوەرەکانیان بە ئاوی کوڵاو دەکوشت وەک (سپێ و رشک) ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ. جلو بەرگ زۆر کەم بوو، بۆ پیاوان کراسو دەرپێ لە خامی سپی دروست دەکران، خەزنەش شازبوو، رانکو چۆغەڵ لە مەرەز دروست دەکران، بۆ ئافرەتەکانیش وەک باس کراوە لەخامی شین جلو بەرگ دروست دەکرا، بەدەگمەن چیت دەبیندرا، ئەو بەرگەی نە دەشۆردرا ، دوای ماوەیەک بۆر دەبوو، پیسو پەلۆسی بە شێوەیەکی گشتی دەردێکی گرانی ناو کۆمەڵ بوو، ئەو زیندەوەرانەی پەیدا دەبوون تەنیا بەکوڵاندن کەم دەبونەوە، ئەوکاتانە خەڵک چاوبرسی و چاوچنۆک نەبوون، لەگەڵ یەک راست و رووخۆش بوون، بەشی زۆری خەڵکی گوند لەو پەڕی فەقیری دەژیان، ئەوجا ئەوەی هەشی بوو لەپێش میوانی دادەناو رووی لەمیوانی وەر نەدەگێڕا .

ئەوەی دانیشتوانی گوند پێی دەژیان داهاتێکی کەمی کشتوکاڵی بوو، ئەویش کەم کەس ئەوەندە داهاتەی دەست دەکەوت کە بەشی وەختا وەختی بکردبایە یان بەرووبوم و داهاتی ئەوەندە دەست کەوتبا ساڵێک پشتی پێ ببەستیت، ئەو بەرووبومەی دەهاتە دەست لەو گەنم و جۆیەی دەچاندرا، چەند ماڵێک بوون توانای چاندنیان هەبوو، لەگەڵ گەنم و جۆ برێک نیسک و نۆکیش بەرهەمیان بەدەست دەکەوت .

ئەوەی زۆر پەسندو دیاریدە بوو رەوشتێک لە ئارادا هەبوو ئەویش خزمەت گوزاری و هاوکاریو یارمەتیدانی یەکتری رەچاو دەکرا، هاریکاری و یارمەتیدانی یەکتری چ بە شێوەی تاک یان بەشێوەی هەرەوەزی، وەک زبارە بۆ جۆت وەرەزبرین و چڵوکردن و کۆکردنەوەی تولانە مێیوو هی تریش، ئەوانە بۆ ژیانی گوندیەکان رەوشتێکی مرۆڤانەی بایەخدار بوون ، ئەوەی زۆر بەبایەخدار بوو ئەوەبوو بەهاران کچ وکورانی لاو بۆ هەڵگرتنەوەی تولانە مێو دەردەکەوتن بە بەزموو گۆرانی بۆ کارەکەیان دەرۆیشتن، ئەوها بەکۆمەڵ بەیەک گەیشتن سوود بەخش بوو لە بارەی ئالوگۆری بیرو راو یەکتر بینین، کچەکان تولانە مێویان کۆ دەکردنەوە، کورانیش بە کنۆرە دەیان بردە سەرتخووب لە شێوەی پەرژین دایان دەنا، هەر بەو شێوەش بە کۆمەڵ دەرۆیشتنە راو وکاردی و رێواس، ئەمە خۆشیەکی تێدا بەدی دەکرا.

**ماوەیەتی**

## دەروون دونیا

# کەرکوک سێ بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەیە

حیکایەتێکی کەرکوکیەکان هەیە باسی ناکۆکی نێوان دوو کورە کوێخا دەکات کەچەندها ساڵ لەسەر میراتی ناکۆک بوون، بەڵام رۆژگار ناچاریانی کرد کە ئاشت ببنەوە و ماڵەکانیان بخەنە نێو یەک حەوشەوە. ئەو دوو برایە هە یەکێکین کۆمەلێک کورو کورەزایان هەبو ، بەڵام چونکە لە بن چینەدا لەسەر شەرو ناکۆکی پەروەردە کرابوون ،ئەوانیسهەمیشە لە شەر و ئاژاوە دابوون ،خەڵکی گەرەک هەر خەریکی ناو بژێوی و ئاشت کردنەوەیان بوون هەتا لە کۆتایی دا یەکێک لە کورەکان بە شێوەیکی زۆرخراپ دەست لەئامۆزاکانی دەوەشێنێت کە نەک هەر بەجارێک لە یەک جیادەبنەوە بەڵکو زیاترلەنیوەی سەروەتەکی باوکیشی تیا دەچێ .ئێنجا باوکی کورەکە دەڵێ (حەوشەی کوێخا بوە مەنجەڵێ ،هەتاکو مردن دڵم تیادەکوڵێ)..ئێستا کەرکوک بوە بە حەوشەی ماڵی کوێخا و دڵی هەمو کوردی تێدا دەکوڵێ. ساڵانێکی زۆرە گەلی کوردستانی باشور بەدەست ناکۆکی دووبەرەکی نێوان حزبە سیاسیەکانەوە دەناڵێنن و باجی زۆرگەورەشیان داوە لەو پێناوەدا ، راستە ئەو حزبانە تێکۆشانی لێبراوانەیان کردووە لە پێناو ئازادی وسەربەخۆیی گەلی کوردستن بەڵام ئەوەندەش کەخۆیان بوون بە کێشە بۆ کورد رەنگە لەگەڵ داگیرکەراندا جیاوازیکی ئەوتۆیان نەبێ .هەر چۆن بەخت یاوەری کورد بوو لە راپەرینەکان دا بەرژەوندیەکانی لەگەڵ ئەمریکیەکان دا یەکیان دەگرتەوە،بۆیە ناچار بوون لە قسەی ئەوان بەناچاری واز لە ناکۆکی یەکان بهێنن و کۆمەڵی رێک کەوتن وپەیمان نامەی یەکگرتن لەنێوان یەکتردا ئیمزابکەن بەڵام بەداخەوە ئەو رێک کەوتنانەش ئەوەندە خشەکی وخاو دەروات ،لەچاو ناحەزانی کورد وەکو پێش برکێی نێوان کیسەڵ وریوی وایە.سروشتی خاکی کوردی وەکوو سروشتی زۆربەی رۆژهەڵاتیەکانی دیکە وایە ،کاتێ چنگی لە پلەیێک یان شوێنێک گیر دەبێت ،بەرژەوەندیەکانی بەرەو پێش دەچێ ئیتر گوێی لەکەسی دیکە نیەو پی وایە کەهەرشەرێک کەتووشی بێت بەپارە چارەسەری دەکات .ئێستاکورد لەسەرەوە لەراگەیاندنەکاندا وا خۆی نیشان ئەدات تەواو رێکن،بەڵام دیارە بەرژەوەندی حزبایەتی مانەوەی ئەو هەموو رێکخراوە مەدەنیە جیاوزانە ، تەنانەت لەهەندێ شوێن دوو ئاسایش ،دوو بەرێوبەرایەتی ناحیە، دوو دۆکتۆر ....هتد.پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە دەسەلمێنن ،ئەگینا بەریشی کێ رەوایە کەرکوکێک هەزاران شەهیدی لە پێناودادابێ دەیان گفت و گۆ ورێکەوتن لەسەر ئەو شارە فەشەلی هێنابێ ، ئێستا (سستمی بەرێوبردنی پەروەردە )حوکمی مامۆستای نەگبەتی تیا بکات .سەرکردایەتی کورد گلەیی هەیە لەوەی کە هەندێ لەعەرەب و تورکمانەکان دأی جێبەچێ کردنی مادەی (١٤٠)ن کەچی لە حەوشەکەی کوێخا بەبەرچاوی باوکەکانەوە کورەکان ماڵ جیادەکەنەوە هەرکەس ئاوازێ لێ دەداو ارەسەریشی ناکەن.باشە بەم سێوەیە دەمانەوی کەرکووک بخەینەوەسەرهەرێم؟ کەئەمە بچووکترین وسادەترین جیاوازی نێوان هەردووحزبە گەورەکە بێت و هیچ پێشمەرگە و ئاسایش و پارەشەوە نی یە.